## حەمەسەعید لە شیراتۆنەو دكتۆر كەمالیش لە بەندیخانە ... مافپەروەر: ئارام موحسین گەردی

نووسین پیشەیەكی پیرۆزە، نووسەر لەو پیرۆزتر. ئەوەی بە ڕاستەقینەیی بنووسی گەرەكیەتی كێشەیەك چارەسەر بكات، یا جوانیەك وەسف بكات، یا ڕەخنەیەك لە زەق نامۆیەك بگرێت.
دكتۆر كەمال سەید قادر كە من یەكێك بووم لە قوتابیانی لەكۆلیژی یاساو ڕامیاری /زانكۆی سەلاحەددین، ئەوكات مرۆڤێكی خراپ نەبوو، بەڵكو مامۆستایەكی ئەكادیمی بوو، تەنانەت تێكەڵاویەكی چاكی لەگەڵ خوێندكارانی كۆلیژ هەبوو.
دونیا زۆر سەیرە، ئەمانی نییە مرۆڤ لەهەر لەحزەیەك دەشێت تووشی نەخۆشی دەروونی ببێت، ئاخر چ وای لە دكتۆر كەمال كرد لە مامۆستایەكی ئەكادیمی ببێتە جنێوفرۆشێكی یاخی لەیاسا.
دكتۆر كەمال كە ئێستا لە بەندیخانەیە، بەپێی ماددە (433) ی یاسای سزاكانی عێراقی لەبەرابەر ئەوەی زۆر بەشێوەیەكی نایاسایی جنێو و تۆمەتی خستۆتە پاڵ سەرۆكی كوردستان، دەبی چ هۆیەكی دەروونی پاڵی پێوەنابێت كارێكی وابكات، خۆ ئەو یاساناسەو چاك حاڵییە لە حوكمەكانی كەسێكی جنێوفرۆش.

ئەوانەی دكتۆر كەمال نووسیبوونی نەك تەنانەت ڕەخنە نەبوون، بەڵكو سەری ڕەخنەشیان خوارد. دەنا لە كوردستان ئەگەر دیموكراتیش نەبێت پەراوێزێك هەیە بۆی، ئەی ئەوەنییە مامۆستا حەمەسەعید حەسەن ڕەخنەی لە سەرۆكی كوردستانیش گرت ( (لە دەستوورنامەكانی) ) نەك هەر نەیانگرت بەڵكو ئێستا زۆر ئازادانە لە قەشەنگترین ئوتێلی كوردستانە ( (شیراتۆن) ).

یەك خاڵ كە سەرسامم بە دكتۆر كەمال پەشیمان بوونەوەو بەدرۆخستنەوەی خۆی بووە لە گشت ئەو تۆمەت و جنێوانەی كە لەنووسینەكانی هەڵیبەستبوون، بۆیە لەو سۆنگەیەوە ئەگەر سەرۆكی كوردستان لێی ببورێت لە بەخشندەیییەتی، ئەگەرنا دكتۆر چاك دەزانێت كە سزای ماددەی 433 و تشدیدەی وای لێدەكات كە بۆ چەند ساڵێك جگە لەدیواری بەندیخانە و پۆلیسەكانی هیچی تر نەبینێت.